# دەبێ حکوومەتی عێراق بەفەرمی داوای لێبووردن لە گەلی کوردستان بکات




**خەسرو پیربال**

Pirbal@hotmail.com


.پاش رووخانی سیستەمی تووندوتیژی و دیکتاتۆری بەعس،رۆژانە گورەبەکومەڵەکان بەدەر دەکەون و وورده وورده رووی شەرمەزاری و تاوانباری حکوومەتی عێراقی بەعسی رابردوو و داموودەزگا داپڵۆسێنەرەکەی ئاشکرا دەبێت.

میللەتانی عێراق هەر پاش ئازادبوونیان، لەپرۆسەیەکی ئاڵوز و زەحمەتدا خەریکی بنیاتنانەوەی دەوڵەتێکن، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئیستا وەکو دەوڵەت و حکوومەت دەناسرا، بەهەقیقەت دەوڵەت نەبوو، دەوڵەتێک نەبوو بو هاووڵاتی و مەفهوومی بەهاوڵاتیبوونیان، بەڵکوو ئامرازێکی بەهێزی سەرکووتکردنی میللەتانی عێراق بووە، کووشتن و برین و بێسەرووشوێنکردنی خەڵکان و کپکەرەوەی دەنگەکان و سڕینەوەی رەنگە جوانەکانی کومەڵگە و وێرانکردنی گووند و کێڵگە و وشکەرەوەی زونگا و رووبار بووە.

بە رووخاندنی رژێمی سەددام حوسێن و پەبرەوکردنی سیستەمی دیموکراسی و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی رێکخراوە حکوومیەکانی دەوڵەتی عێراقی نوێ، وردە وردە هەنگاوی جیدی هەڵدێنین بەرەوە سەرەتای دروستبوونی کومەڵگەیەکی تەندروست و مەدەنی... هەموو ئەو هەنگاوانەی نراون بەرەو دیموکراسی و چەسپاندنی یاسا و دووبارە پێناسەکردنی ئەرک و مافەکانی یەکەیەکەی هاوڵاتیانی کومەڵگە و هەروەهاش دووبارە پێناسەکردنی واجب و بەرپرسیاریەتی حکوومەت و دەسەڵات بەرامبەر هاووڵاتییدا، هەموو ئەو پەیوەندییانە کە بو هەر یەکێک، کاروبەرنامەیەکی تۆکمەی پێویستە.

لەبەرامبەر ئەو پرسانەدا، بریارێک و پرسێکی زور گرنگ و هەستیار رووبەرووی حکوومەتی عێراقی فیدراڵی دەبێتەوە، ئەویش لە چوارچێوەی دانپێدانانێکی فەرمی حکوومیدایە، بەوەی کە حکوومەتی عێراقی داوای لێبووردن لە گەلی کوردستان بکات، دەرهەق بەو هەموو تاوان و قەتڵوعامانەی کە لە بەرامبەر کورد و کوردستاندا ئەنجامدراوون، کە هەمووشیان بە ئاگاداری و بە هوشیارییەکی تەواوی سەرجەم وەزارەتەکان و کەسایەتی و وەزیرەکان و بەرپرسە حکوومییەکانی دەوڵەتی عێراق بە درێژایی ٣٥ ساڵەی رابردوو ئەنجامدرابوون.

لەو رۆژانەدا رێورەسمی هێنانەوەی تەرمی هەشت هەزار بارزانییە بێتاوانەکان لە گورێکی بەکومەڵەوە دەگوازرێنەوە کوردستان، پێمواییت ئەمروکە، واجبێکی ئەخلاقی گەورەیە کە لە ئاستێکی بەرزەوە بەشداری حکوومەتی فیدراڵی عێراقی هەبێت و دەوڵەتی عێراق دەبێت بەشدارییەکی دیارو لێوەشاوەی هەبێت لەو رێورەسمەدا و هەر لەو بونەیەدا، دەبێت سەرۆک وەزیران و سەرۆکی عێراقی بە شێوەیەکی فەرمی، بەناوی حکوومەتی عێراقی داوای لێبووردن لە میللەتی کوردستان بکەن .. لەوانەیە پاش ئەو دانپێیانانەی حکوومەتی عێراقی بەرامبەر ئەو هەموو تاوانانەی لە رابردوودا دەرهەق بە میللەتانی عێراق و بەتایبەتی بەرامبەر بە میللەتی کورد ئەنجامی داوە ،ئەو کاتە هەموومان، هاووڵاتیانن عێراقی نوێ بەرامبەر پێناسەیەکی نوێی بە هاوڵاتیبوونی خومان دەبینەوە لە چوارچێوەی عێراقێکی تر و حکوومەتێکی نوێ دیموکرات و فیدراڵدا.